حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
دائرة البحث و التطوير
مديرية الشؤون العلمية

حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی

العدد:
التاريخ: ٢٠٢٤/٨/٢٩

ژمارە: ١٩٣٨
ڕێکەوت: ٩/ ١١/ ٢٧٢٣ی کوردی

## فەرمانی وەزاری

دوابەدوای فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٤٠) لە ٢٠٢٠/١/١٢، بە مەبەستی باشتر کردنی کوالێتی خولەکانی زمانی ئینگلیزی لە سەنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکان و ڕێکخستنەوەیان، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیار درا بە:

**تەوەری یەکەم: وەرگرتن لە خولەکانی فێرکاری زمانی ئینگلیزی**

وەرگرتن لە خولەکانی فێرکاری بە یەکێک لەم دوو ڕێگایەی خوارەوە دەبێت:

١- تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست لە سەنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی ( IELTS Academicو TOEFLو Academic PTE) ی ئەنجامدراو تەنها لە سەنتەرە باوەڕ پێکراوەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ سەنتەرەکانی ناو ئەو وڵاتانەی کە زمانی دایکیان ئینگلیزیە کە بریتین لە ووڵاتانی (بەریتانیا و ئەمەریکا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوستراليا ).

**تەوەری دووەم: شێوازی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست (Placement Test)**

١- تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست (Placement Test) لە سەنتەرەکانی زمان بە هەماهەنگی لەگەڵ (Imperial English UK) دەبێت کە بە شێوەی ئۆنلاین لە سەنتەرەکانی زمانی زانکۆکانی (سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک) ئەنجام دەدرێن، ئەم تاقیکردنەوانە لە سەر بنەمای ستاندارده نێودەوڵەتیەکان و چوارچێوەی (**CEFR** Common European Framework of Referencing) دەبێت.

٢- سێ سەنتەری زمان لە زانکۆکانی (سەلاحەدین و سلێمانی و دهۆک) پابەندن بە دابینکردنی پێداویستی تاقیکردنەوەکان.

**تەوەری سێیەم:- شێوازی ئەنجامدانی خولەکان**

١- خولەکانی زمانی ئینگلیزی لە سەنتەری زمانی زانکۆ حکومیەکان بە دوو شێوەی ئۆنلاین و ناو پۆل بەردەست دەبن، بە شێوەیەک کە لە سەرەتای خۆ تۆمارکردن بۆ خولەکان، بەشداربوو پێویستە خۆی بۆ یەکێک لەو دوو جۆرە خولە تۆمار بکات و لە پاش دەستپێکردنی خولەکان ڕێگە بە ئالوگۆڕی نێوان ئەو دوو جۆرە خولە نادرێت.

٢- خولە ئۆنلاینەکان بە شێوەی ئەلکترۆنی دەبێت و بەشداربوو خۆی بەرپرسە لە تەواوکردنی پرۆگرامی خوێندنەکە.

٣- خولەکانی ناو پۆل و ئۆنلاین هەمان جۆری پرۆگرام بەکاردەهێنن کە لەلایەن (Imperial English UK)یەوە بەر دەست دەبێت.

**تەوەری چوارەم:- شێوازی بەڕێوەچوونی خولەکان**

١- ماوەی خولەکانی فێرکاری ئۆنلاین و ناو پۆل لەگەڵ تاقیکردنەوەکان (١٠٠) سەد کاتژمێر بۆ هەر ئاستێک دەبێت کە سەرجەم لێهاتوویەکانی فێربوونی زمان لە خۆ دەگرێت.

٢- خولەکانی ناو پۆل هەر ئاستێک (٨) هەشت هەفتە دەبێت کە هەفتەی (٣) سێ ڕۆژ بێت و ڕۆژی (٤) چوار کاتژمێر وانە دەخوێندرێت.

٣- نمرەی دەرچوون لە تاقیکردنەوە بۆ هەر ئاستێک بریتیە لە (٥٠%).

٤- ئەو بەشداربووەی کە لە ئاستێک دەرنەچووە ڕێگەی پێ دەدرێت تاقیکردنەوەی کۆتایی لە خولی داهاتوودا دووبارە بکاتەوە بۆ هەمان ئەو ئاستەی کە لێی کەوتووە بە پێ ئەوەی پێویست بێت ئامادەی وانەکان بێت لەو خولەی کە تێیدا کەوتووە، لە بەرامبەردا بەشداربوو پێویستە (٥٠%)ی کرێی بەشداربوونی بدات، ئەو دەرفەتە تەنها بۆ یەکجار دەبێت و ئەگەر لە پاش ئەوە سەرکەوتوو نەبوو پێویستە جارێکی تر بەشداری خولەکە بکاتەوە و وەک بەشداربوویەکی نوێ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**تەوەرەی پێنجەم: تاقیکردنەوەی کۆتایی خولەکان**

١- تاقیکردنەوەی کۆتایی خولەکان لە سێ سەنتەر و لە هەریەک لە پارێزگاکانی(هەولێر و سلێمانی و دهۆک) بەشێوەیەکی ناوەندی ئەنجام دەدرێت.

٢- لیژنەیەکی تاقیکردنەوە پێکدەهێنرێت لەهەر سەنتەرێکی تاقیکردنەوە بە فەرمانی وەزاری.

**تەوەری شەشەم: لایەنی دارایی خوێندن**

١- بڕی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار لە هەر بەشداربوویەک لە تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست وەردەگیرێت بەشێوەیەک کە بڕی (٢٠٠٠٠ ) بیست هەزار دینار بۆ دامەزراوەی Imperial English UK دەبێت و بڕی ٣٠٠٠٠ سی هەزار دینار بۆ سەنتەرەکانی زمان دەبێت.

٢-کرێی بەشداریکردنی کۆرسەکانی زمان ناو پۆل و ئۆنلاین بڕی (١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ هەر کۆرسێک دەبێت. بۆ بەشداربووانی خولەکان بەشێوەی ئۆنلاین بڕی ١١٠٠٠٠ سەد و دە هەزار دینار بۆ بۆ دامەزراوەی Imperial English UK دەبێت و بڕی ٤٠٠٠٠ چل هەزار دینار بۆ سەنتەرەکانی زمان دەبێت. بۆ خولەکانی ناو پۆل بڕی ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دینار بۆ دامەزراوەی Imperial English UK دەبێت و بڕی ١٣٠٠٠٠ سەد و سی هەزار دینار بۆ سەنتەرەکانی زمان دەبێت.

٣- بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ گازاندە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست و تاقیکردنەوەی کۆتایی خولەکان وەردەگیرێت کە بۆ سەنتەرەکانی زمان دەبێت.

٥- کرێی وانەوتنەوەی مامۆستایانی خول بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوە داراییەکان دەبێت و پاڵپشت بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٧٥٠) لە (٢٠١٧/٥/٣١) کەهەر (١) یەک کاتژمێر بە (٢) دوو کاتژمێر هەژمار دەکرێت.

**تەوەری حەفتەم: تێبینیە گشتیەکان**

١-ڕێژەی ئامادەنەبوون لە خولەکانی ناو پۆل و ئۆنلاین (١٠%) تێپەڕ نەکات و لە کاتی بوونی بیانووی ڕەوا (عذر مشروع) ڕێژەی ئامادەنەبوون (١٥%) تێپەڕ نەکات و بەپێی فەرمانی کارگێڕی یان زانکۆیی پشت ڕاست بکرێتەوە.

٢- بڕوانامەی کۆتایی خولەکان تەنها بە بەشداربووی سەرکەوتوو لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئاستەکان (Intermediate) و (Advanced) دەدرێت، ئەگەر هاتوو بەشداربوویەکی تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست نمرەی بەرزتری هێنا لە ئاستی داواکراو ئەوا ڕاستەوخۆ بڕوانامەی پێدەدرێت بۆ ئەم مەبەستەش کرێی (٥٠%) ی کۆرسەکەی لێ وەردەگیرێت.

٣- هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان ماستەر یان دکتۆرا لەبواری زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان بۆیان نیە بەشداری خولی فێرکاری بکەن بەڵکو پێویستە ڕاستەوخۆ تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی نێو دەوڵەتی ئەنجام بدەن.

٤- تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ کاری پێدەکرێت لە ڕێکەوتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە.

حکومة اقلیم کوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعلیم العالي و البحث العلمي
دائرة البحث و التطویر
مدیریة الشؤون العلمیة

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی

ژمارە:
ڕێکەوت: / /٢٧٢٣ی کوردی

العدد:
التاریخ: / / ٢٠٢٤

٥- هەڵگری بڕوانامەی خولی نوێی فێرکاری دەتوانێت بەشداری خولەکانی فێرکاری بکات بە مەرجێک بڕوانامەکەی بەسەر نەچوو بێت.

٦- بڕوانامەی خولی فێرکاری تاوەکو ( ٣) سێ ساڵ لەڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت.

٧-گزی کردن لە تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست و تاقیکردنەوەی خولەکان یان پیشکەشکردنی بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی نێودەوڵەتی ساختە کەسەکە بێ بەش دەکات لە خولەکانی فێرکاری سەنتەرەکانی زمان بۆ ماوەی دوو ساڵ .

٨-قوتابی/ خوێندکاری خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) ناتوانن بەشدار بن لە خولەکانی زمانی ئینگلیزی لە کاتی کۆرسی خوێندنی باڵا .

٩- بڕوانامەکان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و زانکۆ و UK Imperial English ەوە بەشێوەی ئەلکترۆنی واژوو دەکرێن.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت زانکۆ حکومیەکان/نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ کار پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ب. گشتی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی/ لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە/خولاو.